# بانگەوازی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:
# بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی پڕۆژەی تەلەڤیزیۆنی رۆژهەڵات

**خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان!**

**کەسایەتی و هەڵسوراوانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات!**

**چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی!**

**هاوڕێیانی کۆمەڵە، دۆستان و دڵسۆزانی شۆڕشی کوردستان!**

بوونی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنیی ئاسمانی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات پیویستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەمووان هەستی پێدەکەن و لەسەری دەدوێن. زیاتر لە دووساڵ هەوڵ دان بۆ ئامادە کردنی پێویستییەکانی دامەزرانی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنیی ساتەلایتی، ئێستا خەریکە لە ئەنجام نزیك دەبێتەوە. ئەمڕۆ ئیمکاناتی سەرەتایی وکارە یاساییەکانمان گەیاندۆتە قۆناغێك کە بتوانین بڕیاری جێبەجێ کردنی ئەو خواستە فراوانە جەماوەرییە بدەین.

تەلەڤیزیۆنی رۆژهەڵات بە تەنیا هەر دەنگی حیزبێك نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدا ببێتە دەنگی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و لەسەر هاوپشتیی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی پێداگری بکات. رۆژهەڵات تی.ڤی تێدەکۆشێ پەرەپێدەری دێمۆکراسی، پێشکەوتنخوازی و نوێخوازی و رۆشنبیریی رەسەن و هەروەها دەنگی دادپەروەری و داکۆکی لە مافەکانی کۆمەڵانی چەوساوە و بێبەشی کوردستان و دەنگ و رەنگی یەکسانیی ژنان بێ لە کوردستاندا. رۆژهەڵات تی.ڤی هەوڵ دەدا ببێتە دەنگی هەموو ئازادیخوازان و دڵسۆزانی کوردستان و میوان و هاودەمی هەموو بنەماڵەیەکی کورد.

شاراوە نییە کە بەرێوەبردنی پڕۆژەیەکی ئاوها، تەنیا بە ئیمکاناتی ماددی و مرۆیی کۆمەڵە مەیسەر نابێ. بۆیە ئێمە وەك هەمیشە پشت ئەستور بە دڵسۆزی و پشتیوانیی ئێوەین و بەبێ وەها دڵگەرمییەك، بڕیاردان لەمبارەیەوە هاسان نەبوو. کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە حیسابێکی گەورەی لەسەر پشتیوانیی ئێوە کردووە و داواتان لێدەکات بەو پەڕی توانایی خۆتان و بە هەر شێوەیەك کە بۆتان دەگونجێ یارمەتیدەری ماڵی و مەعنەوی "رۆژهەڵات تی.ڤی" بن و لە لای دۆست و ئاشنای خۆشتان ببنە نوێنەرمان تا بە هەموومان ئەم ئەرکە بگەیەنینە ئەنجام.

پێویستە بڵێین کە ئێوە بۆ هەر یارمەتییەکی ماڵی رەسیدی رەسمی وەردەگرن و هەرکات و بەهەر هۆیەك ئەم پڕۆژە سەر نەگرێ هەموو پوڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی. ئەوانەی لە ناوەوەی کوردستان یارمەتی دەدەن یان ئەو کەسانەی پێیان خۆش نییە ناویان ئاشکرا بێت، دەتوانن ناسناوێك بۆخۆیان دانێن. ئێمە لە رێگای

جوراوجۆرەوە هەمووان لە گەیشتنی یارمەتییەکە ئاگادار دەکەینەوە. لە هەرکام لە وڵاتەکانی دەرەوە دەتوانن پێوەندی بە یەکێك لەم ژمارە تەلەفونانەوە بکەن تا ژمارەی حیسابی پۆستی یان بانکی وەرگرن یان بە شێوەی تر بتوانن یارمەتییەکانتان بگەیەننە دەست ئێمە.

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٣١. ١٠. ٢٠٠٥

**ژمارە تەلەیفونەکان لە دەرەوەی وڵات:**

__ **ناوەندی ئوروپا: (هولەند، بەریتانیا، ئاڵمان، سویس و...):** ٠٠٣١٦١٠١٦٩١٢٠

٠٠٤٩١٦٢٦٥٢٨٠٠٣

٠٠٤١٧٨٧٣٤٣٢٥٠

**_سکاندیناڤی: (سوێد، نۆروێج، فینلاند و دانمارك):**

٠٠٤٦٣١٣٣٠٨٠٤٨

٠٠٤٦٧٣٧٥٥٥٧٩٣

***E_mail: komala ١٣٤٨@hotmail.com***

**Email: komala١٣٤٨@yahoo.com**